Kurdistannet کوردستان نێت

# چوارچێوەی فیکری

نوسینی : د. علی الوردی
وەرگێڕانی: چنار نامیق

## بەشی یەکەم

مرۆڤ لە چوارچێوەی فیکری خۆیەوە دەڕوانێتە جیهان و هەر لەو دیدگایەشەوە ئاستی ڕوانین و تێفکرینی دیاری دەکات و هەر شتێک لەو دیدگایەوە نەبێت نکۆڵی لێدەکات.

بەم واتایە مرۆڤ بەو ئەسپە دەچێت کە گالیسکەیەک ڕادەکێشێت چوارچێوە خراوەتە سەر چاوەکانی بۆ ئەوەی تەنها بەپێشی خۆیدا بڕوانێت نەبادا شێرزە بێت و ساتمە بکات.

هەروەها لەنێوان خوێندەوار و نەخوێندەواردا هیچ جیاوازییەکی بنەڕەتی نییە جیاوازی گەر هەبێت لە ئاستدایە نەک لەجۆرایەتیدا.

پرۆفیسۆر (ولیەم باریت) دەگێڕێتەوە:

کە بۆ یەکەمین جار (ئەدیسۆن) (ڕیکۆرد)ی داهێنراو لەئەکادیمیای زانستی پاریس نیشانی دا، زانایانی ئامادەبوو پێیان وابوو ئەو کارە مەحاڵەو ناکرێت دەنگی مرۆڤ لەسەر قەوان تۆمار بکرێت بەوە تاوانباریان کرد کەسێکی لەژێر مێزەکەدا حەشارداوەو لەژێر مێزەکەوە دەناخڤێت بۆ چەواشەکردنی ئامادەبووان، هەروەها پرۆفیسۆر (تیت) لەزانکۆی (ئەدنبرە) هەمان هەڵوێستی هەبوو کاتێ هەواڵی داهێنانی تەلەفۆنی بیست و وتی:

(داهێنانی لەم جۆرە لەڕووی فیزیکیەوە مەحاڵە)

لەو چیرۆکە جوانانەی لەم بارەیەوە دەگێڕدرێنەوە، ئەوەیە کاتێک (مسمر) لەکۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا شێوازی خەوتنی موگناتیزی دۆزییەوەو گرنگی ئەم داهێنانەی لەبواری چارەسەرکردنی نەخۆشیەکاندا بلاوکردەوە زاناکان بەتوندوتیژی و ئازاردان بەرەنگاری بوونەوە، لەو کاتەدا لەڕۆژنامەیەکی ئینگلیزیدا بۆ سووککردنی ئەم داهێنانە گاڵتەجاڕەیەک لەشێوەی ڕێنمایی پزیشکیدا بلاوکرایەوە کە دەیگوت، گیراوەی موگناتیزی: چوار هۆقە لەڕۆنی سامناکی و دوو ڕەتل لە ڕوحی وەهم ئەم دو پێکهاتەیە بکەرە شوشەی خەیاڵەوە بۆ چەند ڕۆژێک بەجێی بێڵە پاشان سبەینان چل دڵۆپێ بخۆرەوە لەهەموو بەلایەک دوور دەبێت.

دەتوانین بڵێین هەموو داهێنانێکی زانستیانە پێ بایەخدان پێشوازی لێ دەکرێت لەلایەن زانا و نازاناوە، مێژوو لێوا لێوە لەچیرۆکی ئەو زانا و داهێنەرو دۆزەرەوانەی کە دووچاری چەوسانەوەو سوکایەتی و سوتاندن و نەفرەت لێکردن بوون لەپای ئەو داهێنانە تازانەی کە بۆ سوودو گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و زانستیدا پێدەگەیشتن. لێرەدا پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان خوێندەوارێکی ئاسایی و کەسێکی ڕۆشنبیر، خوێنەواری ئاسایی ئەوکەسەیە فێری شتگەلێک کراوە کە لەچوارچێوەی فیکریدا دەرناچێت هەروەک لەمنداڵییەوە لەسەری ڕاهاتبێت، ئەوان هیچ ئیزافەیەک لەزانستدا ناکەن ئەگەر بەدەمارگیری و تەسکبینی لەئاستی ڕوانیندا نەبێت، باوەڕیهێناوە بەڕایەک لەڕاکان یا ڕێبازێک لەڕێبازەکان حەز بەکۆکردنەوەی ئەو زانیارییانە دەکات کە لەڕای خۆیدا پەسەندەو تێدەکۆشێت لەپێناویدا، بەڵام ڕۆشنبیر ئامادەیی وەرگرتنی هەموو فیکرێکی نوێیەو دەتوانێت لەگەڵیدا بگونجێت بەبیرێکی فراوانەوە بۆ پڕکردنەوەی ڕوی ڕاستیەکان، بەڵام مایەی نیگەرانییە کە ڕۆشنبیران لە ئێومماندا کەمن و خوێندەواری ئاسایی زۆرن، و گومڕان بەوەی کە فێری بوون بەرادەیەک ڕایەکی جیاوازیان پێ قبوڵ ناکرێت کە بەپێچەوانەی ڕای خۆیان بێت.

دەڵێن ئەو پێوەرەی کە ڕۆشنبیری تاکی پێدەپێوڕێت ئەوەیە، تا چەند مرۆڤ دەتوانێت ڕای جیاواز لەڕای خۆی وەربگرێت، ڕۆشنبیری ڕاست دڵنیا نییە لەڕاستی ڕایی خۆی، چونکە ئەو پێوەرەی ڕاستی پێیدەپێوڕێت جێگیر نییە واتا دەگۆڕێت لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر. زۆر جار ڕۆشنبیر خۆی دەبینێت قایلە بەڕایەکی تایبەت کەچی پاش تێپەڕبوونی زەمەنێک باوەڕی بەو ڕایە لاواز دەبێت و هەندێ جار بەتوندی لێیهەڵدەگەڕێتەوە. ئەگەر خوێندنەوەو توێژینەوە لەسەر خوێنەری ئاسایی و گەشەسەندنی بیرو ڕایان لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر بکەین سەرسام دەبین زۆرجار دەیانبینین بەرەنگاری فیکرێک دەبنەوە کەچی پاشتر پیرۆزی دەکەن! گەر خۆی لەم گۆڕانکارییە لەئاگاوەیان لێیبپرسیت، دەڵێن ئێمە بەدوای ڕاستیدا دەگەڕاین و دەرئەنجام پێی گەیشتین. کێ دەزانێت لەوانە پاش ماوەیەکی کورت یان درێژ، گۆڕانکاری تریان بەسەردا بێت، یان بەشێوازێکی دیکە بگۆڕدرێن.

ئەمەر لەهەمەمو قۆناغێکدا دەبینین باوەڕێکی تەواویان هەیە بەوەی کە گەیشتوونەتە ڕاستی نەگۆڕ.

ئەوجوارچێوە فکرییەی مرۆڤ لەمیانیەوە دەڕوانێتە جیهان پێک هاتووە لەو زاراوەو دانراوو سەپاندنەی کۆمەڵ دەستی بۆ دەبات و لەقوڵایی ئەستیدا دەیچێنێت و مرۆڤ پێی کاریگەر دەبێت بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکات، کە دەڕوانێتە دەوروبەر بەخۆی نازانێت کە تێڕوانینی تەسک و چوارچێوەدارە، بەباوەڕی خۆی وادەزانێت ئازادە لەبیرکردنەوەدا.

لێرەدا ڕووبەڕوی گرفت دەبێتەوە چونکە نایەوێت ڕووبەڕوی کەسێک بێتەوە کە پێچەوانەی بیرکردنەوەی خۆی هەبێت، ئەگەرنا بەرویدا هەڵدەشاخێت و بەتوندی ڕووبەڕوی دەبێتەوە، پێی وانییە بەم کارەی بەرگری لەڕاستی دەکات لەپێناو لەناوبردنی نادراستیدا.

زۆربەی ئەو جەنگ و چەوساندنەوانەی مرۆڤەکان بەسەر یەکتردا دەیهێنن لەپێناو ڕێبازێکی ئایینی یان سیاسی لەئەنجامی ئەو چوارچێوە فکرییەوەیە کە لەئەستی مرۆڤدا هەیە، جێگای سەرسوڕمانە کە مرۆڤ لەپێناو ئایینێک یان ڕایەکی جیاوازدا کەسانی دیکە سەرکوت دەکات و کەچی کاتێک هەڵگەڕایەوەو چووە ریزی نەیارانی پێشووی بەپێچەوانەوە داکۆکی لە گروپەکەی ئێستای دەکات و سەرکوتی هاوبیرە پێشوەکانی دەکات.

مرۆڤ زۆر بەدەگمەن لەو چوارچێوەیە دەرباز دەبێت چونکە بەبێ ویستی خودی خۆی بەسەر فکریدا کێشراوە کەواتە مرۆڤ بەدەگمەن دەتوانێت لەشتێک دەرباز بێت کە هەستی پێنەکات.

مرۆڤ ئەگەر توانی خۆی لەو چوارچێوانەی سواری عەقڵیان بوون دەرباز بکات دەتوانێت داهێنانی گەورە ئەنجام بدات.

دۆزینەوەو داهێنانە پێکهاتەیەکن لەنێوان دوو شتی کۆندا هەر بۆیە ئەوانەی توندڕەون بەرامبەر ڕایەک لەڕاکان یان ڕێگەیەک لەڕێگەکان، دوورن لەداهێنان و دۆزینەوەو نوێکردنەوە، هەر ئەمەشە وایکردوە لە وتارو توێژینەوەی لاسایکەرەوەکاندا بیری نوێ و شتی بەسوود بەدی ناکرێت و وتارەکانیان هەڵقوڵاوو دووبارە کردنەوەی قسەی سەلەفییەکانە بەشێوازێکی نوێ!!

ڕۆشنبیری داهێنەر بەوە لەکەسانی تر جیادەکرێتەوە دان بەو چوارچێوەیەدا بنێت لەسەر تێفکرینیەتی، ئەمەی وائی کردووە توانای ڕووبەڕووبونەوەی ڕاستییە نوێیەکانی زیاترە لەکەسانی دیکە، سەیر لەوەدایە هەندێک نکۆڵی لەو چوارچێوەیە دەکەن و ئەمەش توندڕەوی ئەوان دەسەلمێنێ. هەر کات مرۆڤ پێی وابو ئازادە لەبیرکردنەوەدا پێم وایە زیاتر کۆیلەی بیرکردنەوەیە.

«ولیم جیمس»ی فەیلەسوفی ئەمریکی پێی وایە «عەقڵی مرۆڤ ئیمجەیی و یەک لایەنە بەسروشتی» ئەم فەیلەسوفە پێی وایە عەقڵ بیکردنەوەی بەسوودو زیرانەی نابێت گەر ئیمجەیی نەبێت لەڕوانین و لاگیرنەبێت لەناراستەدا.

لەدیدی «جیمس»دا ڕاستی دەرەکی هەمەلایەنەو وردەکاری زۆری تێدایە، ئەگەر عەقڵ لایەنێک نەگرێت و ئەوانی دیکە فەرامۆش نەکات ئەوا بیرکردنەوەی پەرت دەبێت و ئەستەمە بکاتە بیکردنەوەیەکی بەرچاو.

هەروەها پێی وایە عەقڵ توانایەکی تەواوی نابێت ئەگەر لایەنێک نەگرێت و زیرانە لایەنەکانی تر فەرامۆش نەکات یاخود گەر ڕوانینی تەسک نەکاتەوە بەپێچەوانەوە ئەو توانایەی هەیەتی پەرت دەبێت.

نمونەیەکی سادە بۆ سەلماندنی ڕاکەی «جیمس» وادابنێ خۆپیشاندانێکی گەورە لەشەقامی ئەلرەشیدی شاری بەغدا ڕوی داو جەماوەرێکی زۆر تێکرژان، ژن و پیاو تێکەڵ بوون، زایەڵەی دروشمەکان دەگەیشتە ئاسمان، لەولاشەوە ژمارەیەکی زۆر لەسەیرکەرە ئاساییەکان لەسەربان و لەبالکۆن و دەلاقەی ماڵەکانیانەوە چاودێری ئەو دیاردە کۆمەلایەتییە دەکەن، ئەم ڕووداوە سەبارەت بەوان ڕاستییەکی دەرەکییە، بەلام لای هەرکامیان بەجۆرێکە واتە تەرکیز دەکاتە سەر لایەنێک و لایەنەکانی تر فەرامۆش دەکات و لەکۆتایدا هەرکەسەو ئەوەی تێڕوانینی بۆی هەبووە لەفکریدا دەمێنێتەوە.

گەنجێک جوانی هەندێک لەو ژنانەی بەشداری خۆپیشاندانەکەن سەرسامی دەکەن لە جولانەوەی جەستەو دەنگ و شتەکانی تریدا بەم پێیە ئەم گەنجە جگە لەلایەنە سێکسییەکە هیچی تر لەم ڕووداوەدا نابینێت.

ژنێک لە پەنجەرەی ماڵەکەیەوە وەستاوەو تەماشای جل و بەرگی هاورەگەزەکانی دەکات لەشێوەی دورینی جل و بەرگ و ماکیاژو شتەکانی تری رادەمێنێت تا لەشێوازی مۆدێل و گونجاندنیانەوە تەماشا بکات.

سیاسیەکیش گشت لایەنەکان فەرامۆش دەکات و تەنها ئەوەی بەرژەوەندی حزبیەتی لەبەرچاوی دەگرێت ئەویش چەندیەتی کاریگەری خۆپیشاندانەکەیە لەڕوخاندنی دەوڵەت و دروست بونی ئاڵوگۆڕ کە لەو ئاڵوگۆڕەدا سیاسییەکە چی پێدەبڕێت.

نوسەرێکیش تەنها گوێ بۆ وتارو دروشمەکان دەگرێت و ئەوەی بەلایەوە گرنگە ئەوەیە هەڵەزمانەوانیەکان بگرێت، ئیدی پێی وایە خۆپیشاندانەکە جگە لەشانۆگەریەک کە زمانی «سیبەوەیهی و ئەفتەوەیهی»یە هیچی دیکە نییە.

لاوێکی نیشتمان پەروەر جگە لەهەڵچوونی دەرونی هەست بەهیچ ناکات، شاعیرێک ئەو ڕوداوە بەئیلهامی وەردەگرێت. بەیاننێرێک جگە لەژمارەی قوربانیان و زەرەرو زیانی کۆگاو دوکانەکان هیچی دیکەی بەلاوە گرنگ نییە. خاوەن کۆگاکانی ناوبازار بیر لەوە دەکەنەوە کە چۆن کۆگاکانیان بەتاڵان دەچن.

کورتەی باسەکە ئەوەیە هەریەک لەتەماشاکەرانی ئەم ڕوداوە لەیەک لایەن دەڕوانن و لایەنەکانی دیکە فەرامۆش دەکەن، یان دەکرێت بگوترێ هەریەک لەوانە لەمیانی چوارچێوەی تایبەتی خۆیەوە دەڕوانێ. ئەو ژنەی لەجل و بەرگی هاورەگەزەکانی ورد دەبێتەوە گاڵتەی بەو نوسەرە دێت هەڵەی زمانەوانی وتارو

دروشمەکان یاداشت دەکات.

کەواتە هەریەکەو لەوانە بەپێوەری خۆی شتەکان دەپێوێت و ئەو مەسەلانەش لەژیانی رۆژانەماندا رەنگ دانەوەی هەیە.

هاوڕێکەت کتێبێک دەخوێنێتەوە سەرسام دەبێت و بەکتێبەکەدا هەڵدەدات وەلێ کاتێک تۆ کتێبەکە دەخوازی بەوجۆرەی نابینی هاوڕێکەت باسی دەکات و رەنگە لای تۆ زۆر بێبایەخ بێت و هەر ئەو کتێبە دەبێتە مایەی ناکۆکی نێوان تۆو هاوڕێکەت لەئەنجامی جیاوازی هەردوکتان لەدیدو تێڕوانیندا.

لەوانەیە هاوڕێکەت وا راهاتبێ چێژ لەرێتم و شێوازی دەربڕین وەرگرێ، بەڵام تۆ رەنگە بەدوای بیری نوێدا بگەڕێی، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی لای یەکێکتان باش و لای ئەوی ترتان خراپ.

یاخود هاوڕێکەت دەچێتە سینەما بۆ سەیرکردنی فیلمێک پێی سەرسام دەبێت، بەڵام کە تۆ هەمان فیلم دەبینی بەلاتەوە هیچ نییە. ئەوە گرنگ نییە خەڵکی لەچێژو ئارەزوو تێڕوانیندا جیاوازبن، بەڵام سەیر لەوەدایە ئەم جیاوازیە ببێتە مایەی ناکۆکی لەنێوانتاندا.

یەکێک لەتوێژەرەوەکان دەڵێن پیاوان ئەو کچانەیان خۆش دەوێت کە لەدایکیان دەچن چونکە شێوەی دایک لەناخیدا چوارچێوەیەکی هەست پێنەکراوی دروست کردووەو ناتوانێت چێژ لەجوانی وەرگرێت لەو رێگەیەوە نەبێت. بەراستی من بەوحاڵەتانە سەرسام دەبم کە مرۆڤەکان لەسەر جیاوازییەکان بەشەڕدێن بێ ئەوەی بزانن چ چوارچێوەیەکی هەست پێنەکراو لەسەر روانین و حەزەکانیانەوەیە.

ئەوەی نیگەرانم دەکات بایەخ نەدانی دادوەرەکانە بەم لایەنی جیاوازییە لەکاتی گوێبیست بوونی دان پیانانی شایەدەکاندا، دەیانەوێت دانپیانانەکان وەک یەک بێن لەگێڕانەوەی رووداوەکاندا، زۆرجار سزای شایەدەکان دەدرێت لەسەر جیاوازی گێڕانەوەی باسەکان. خۆ نازانن چۆن یەک گێڕانەوەی رووداوەکان ناراست و نادروستەو دەروازەیەکیش لەرووی درۆکردندا دەکاتەوە چونکە هەریەکەیان لایەنێک لەرووداوەکە دەبینێ و ئەوی تر فەرامۆش دەکات واتە ئەوەی لەچوارچێوەی تێڕوانینی خۆیەوە نەبێت نایبینێ.

شایەدێک شەڕێک لەنێوان دوکەسدا دەبینێ لەکاتی دانپیاناندا دەبێتە لایەنگری لایەک و دژی لایەکەی تر ئەمە شێوە دروستەکەیەتی چونکە هەریەک لەوانە بەچاو و تێڕوانینی تایبەتی خۆیەوە لەشتەکان دەڕوانێت بەم پێیە بەبێ ویستی خۆی دەبێتە لاگیری لایەکیان، دەتوانین مێژونوسە کۆنەکان بکەین بەنموونەی ئەم باسە، دەبینین هەندێک لەکەسایەتییە مێژووییەکان لەدیدی هەندێ کەسەوە پیرۆزکراون و لەئاستی خواوەندا دەپەرسترێن کەچی لای هەندێکی دیکە بە دزوور و سەرشۆڕ ناویان دەبەن، هەر مێژوو نوسێک کە سەبارەت بەکەسایەتییەک نوسیویەتی تەنها وێنەی ئەوشتانەی کردووە لەگۆشەنیگای خۆیەوە دیوێتی و لایەنەکانی تری فەرامۆش کردووە، ئەگەر پرسیاری ئەم فەرامۆش کردنەی لێ بکەیت لەوەڵامدا دەڵێت: ئەوەی تر کە دەگوترێت نامەقوڵ و ناراستە!! ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت تەنها شتەکانی چوارچێوەی فکری خۆی دەبینێ و ئەو پێوەرەی جیاوازی نێوان ماقوڵ و نامەقوڵی پێ دەپێورێت پێوەرێکی خودی و رێژەییە کەچی مێژوونووسەکە بەرەهای دەزانێت. هەربۆیە لەخوێندنەوەی کەسایەتییەکانی تردا تێناگەین جگە لەوانەی خۆیان حەزیان لێیەو لەچوارچێوەی عەقڵی خۆیانەوە دەیانبینن.

لەسەردەمی ئەغریقییەکاندا ناکۆکی کەوتە نێوان بیریارانەوە لەبارەی فکری بەشەرییەوەو ئەم پرسیارەی وروژاند:

ئایا بیری مرۆڤ راستییەکان دروست دەکات یان بەپێچەوانەوە؟ ئەم پرسیارە بیریاراتی کرد بەدوو بەشەوە بەشێکیان بە (ئەفلاتونییەکان) ناوزەدکران و پێیان وابوو (بیری مرۆڤ ئاوێنەی بالا نومای راستییەکان و نیشاندەری شێوازی راستەقینەیە بەبێ گۆڕانکاری و شێواندن).

هەرچی تیپی دووەم هەبوون پێچەوانەی ئەفلاتونییەکان بوون پێیان وابوو (راستی زادەی عەقڵە و هیچ راستیەک لەدەرەوەی عەقڵدا نییە).

سۆفستاییەکانیش پێیان وایە مرۆڤ پێوەری راستییە، خودی خۆی بەرژەوەندی خۆی دروستی دەکات هەربۆیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر لەشارستانیەتێکەوە بۆ شارستانیەتێکی تر دەگۆڕدرێت، ئەوەی ئەمڕۆ لای کەسێک راستە سبەینێ پێچەوانە دەبێتەوە، ئەوەی لای تیپێک راستەوڕەوایە لای تیپی بەرامبەر ناراست و ناڕەوایە. هەردوو تیپ لەتێگەیشتنیاندا بۆ راستی ئەمڕۆ بەهەڵە دادەنرێت. لەلۆژیکی تازەدا یەکێک لەم رایانە پەسەند ناکرێت بێ ئەوی تر، بەڵکو پێی وایە راستی لەهەمان کاتدا خودی و بابەتیشە، بەم بۆچوونە تازانەدا دەردەکەوێت کە راستی بیر دروست دەکات و بیریش راستی و هەریەک لەوانەش هۆکارو ئامانجە بۆ ئەوی دیکە.

(مانها بیم) یەکێکە لە پشتیوانانی ئەم قوتابخانە تازەیە، لۆژیک وادەبینێت کە راستی لەدەرەوەی عەقڵی مرۆڤدایە واتە عەقڵ لەدروست کردنی راستیدا دەوری نییە لەگەڵ ئەوەشدا عەقڵ چەندین رووی هەیە، کاتێک دەڕوانێتە عەقڵ تەنها یەک رووی دەبینرێت هەربۆیە بەشێوەیەکی تەواو نابینرێت.

بەواتایەکی تر عەقڵ لەراستییە دەرەکییەکاندا بەشێک وەردەگرێت و لەلای خۆشییەوە شتێکی بۆ زیاد دەکات بۆ تەواوکردنی وێنەی راستی وەک ئەوەی سەرزەندە دەکرێت، کەواتە هەموو ئاکێک راستی خۆی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت وەک چۆن جانتاکەی هەڵ دەگرێت.

**سەرچاوە:**
**خوارق لاشعور، د. عەلی وەردی، چاپی لەندەن، ١٩٨٣.**